**جارێکی دیکە تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزەکانی رژێمی ئاخوندیەوە**

سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ٢٦ی خاکەلێوە، هێزە بەکگرێگیراوەکانی رژێمی ئاخوندی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانیان تۆپباران کردەوە.

دێ کانی (کانی زەرد، جاسوسان، گورشێرۆ و دۆڵەتوو) یان لە ناوچەی پشدەرتۆپباران کراون، کە بە خۆشیەوە زەرەر و زیانی گیانی بە دواوە نەبووە.

جێگەی باسە کە بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە بەرزاییەکانی سەنگەسەر لە ناوچەی پشدەر و ناوچەکانی کەنێرە، مامەند، و ساوین و هەروەها دێ کانی (ئەبوبەکرە و وەرتێ) لەلایەن هێزەکانی رژیم بە توندی تۆپباران کران و زەرەر بە زەوی و زاری خەڵك گەیشت.